# بانگهێشتی ینار محمدو عصام شوکری بۆ بەیروت

چەند دامەزراوێکی ئیعلامیو رۆشنبیری لە لە لوبنان بانگهێشتی هەردوو ینار محمدو عصام شوکرییان کردووە بۆ بەیروت بۆ سازدانی دیدارو گفتوگۆ لەبارە مەسەلە گرنگەکانی ئەمرِۆی عێراقەوە. لە بانگەوازەکەی ئەم دامەزراوانەدا بۆ کۆرِو گفتوگۆ لەگەڵ ینار محمددا هاتووە:

"بلاوکراوەی ( الیساری) و سەنتەری راگەیاندنی سەربەخۆ لە بیروت، بەهاوکاری لەگەل (نادی اللقائ) بانگەوازتان دەکات بۆ گفتوگۆ لەگەل هەلسوراوی بزوتنەوەی ژنانی عیراق و هەلسوراویی دژ بە داگیرکاری، ینار محمد.

ئەم چاو پیکەوتنە سەبارەت بە ناشەرعی بوونی " گواستنەوەی دەسەلات" و ئالوگۆرەکانی ئەم دواییەی نیو بزوتنەوەی ژنان لەعیراقداو رۆشنایی خستنە سەر وەزعیەتی ژنان لە ژیر داگیرکاریدا، هەروەها لەم چاوپیکەوتنەدا چەندین وینە نیشان دەدریت لەگەل قسەو باس کردن لەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی لەبەرانبەر"حکومەتی کاتی"دا. هەروەها یەنار محمد سەبارەت بە هەلسورانەکانی ریکخراوەی ئازادی ژن لە عیراق بۆ ریکخستنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی ژنان قسەو باس بۆ ئامادەبووان دەکات، وە سەبارەت بە کردنەوەی سەنتەری پاریزگاری لەو ژنانەی هەرەشەی کوشتنیان لەسەرە، هەول و کۆششەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتیکی غەیرە قەومی غەیرە دینی بۆتان دەدوێت، لەبەشیکی تری قسەو باسەکانیدا یەنار محمد باس لە تەجروبەی ژیانی خۆی دەکات لەکاتی هەرەشەی کوشتنی لەلایەن ئیسلامیەکانەوە.

یەنار محمد سکرتیری ریکخراوی ئازادی ژنە لە عیراقدا و سەرنوسەری رۆژنامەی (المساواة) و کادری حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقە.

**کاتو شوێنی دیدارتان لەگەڵ ینار محمد: رۆژی پینج شەممە 15 تەموز لە نادی اللقائ."**

هەروەها لە بانگەوازەکەیاندا بۆ کۆرِو گفتوگۆ لەگەڵ عیسام شوکریدا هاتووە:

"بلاوکراوەی( الیساری) و سەنتەری راگەیاندنی سەربەخۆ لە بیروت، بەهاوکاری لەگەل (نادی اللقائ) بانگەوازتان دەکات بۆ گفتوگۆو چاوپیکەوتن لەگەل عصام شوکری.

لەم چاوپیکەوتنەدا باس لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە دەکریت:

عیراق لەژیر داگیرکاری و دوای داگیرکاری، هەلومەرجی ژیانی کریکاران لەسایەی داگیرکاریدا، سیناریۆیەکی رەش کە ئەمریکا و ئیسلامیەکان لە عیراقدا دروستیان کردووە، وەزعیەتی ریکخراوو یەکیتیە کریکاریەکان لەعیراقدا، دەورو کاریگەری کۆمۆنیزمی کریکاریی لە عیراقدا.

عصام شکری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق، دامەزرینەری "لیژنەی لابردنی گەمارۆی ئابوری لەسەر عیراق"، ریکخەری پەیوەندیە دەرەکیەکانی یەکیتی بیکاران لە عیراق، بەرپرسی " ریکخراوی داکۆکیکردن لە سکۆلاریزم لە عیراق"، سەرنوسەری گۆڤاری" سکۆلار"، ئەندامی " ریکخراوەی ئازادی ژن لە عیراق"و ئەندامی لیژنەی گفتوگۆ کردنە لەگەل ئیدارەی مەدەنی لە پیناو داخوازیەکانی بیکارانی عیراقدا.